شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتە بەغدا

شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتە بەغدا

شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵی گەیشتنە بەغدا.

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە (10ــی کانوونی یەکەمی 2023) شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتبوون لە ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆ و ئاوات جەناب نووری، وەزیری دارایی و ئابووری و شاندی یاوەریان گەیشتنە شاری بەغداد.

وەزارەتی دارایی بڕاویکردووە، ئامانج لە سەردانەکە گفتوگۆکردنە لەسەر سیاستی گومرگی عێراق و هەرێمی کوردستان و هەموارکردنەوەی یاسای دەروازە سنووریەکان.